# سەربەخۆیی

لە بەندی یەکەمی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە: هەموو مرۆڤان بە ئازادی لەدایك دەبن و یەکسانیشن لە نرخ و پایەو مافدا. عەقڵ و ویژدانیان پێبەخشراوەو دەبێ بە رۆحێکی برایانە رەفتارو هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

جا بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئازادی و یەکسانی مافەکانی خۆی بەکاربێنێ. دەبێ لە بڕیارداندا سەربەخۆ بێت و لەژێر هەڕەشەو گوشاری دەرەکی‌دا نەبێت. دەبێ هۆش و بیرو گوشارە دەروونیەکان سەرچاوەی بڕیاردانی بن.

مرۆڤی دیل و ژێردەست ناتوانێ بە ئیرادەی رەهاو ویستی راستەقینە خۆی بڕیار بدات. بەمەش لە خزمەتی راستەقینەی مرۆڤایەتی دادەبڕێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئازادانە بیر بکاتەوەو سەربەخۆ بڕیار بدات، بواری داهێنانی فراوان و ئەفراندنی پڕ خزمەت تر دەبێ و دەشتوانێ رۆڵی شیاو و بەرچاو لە کۆمەڵدا ببینێ. لەم روانگەیەوە ئێمە لە پێناو سەربەخۆیی بڕیاری مرۆڤدا تێدەکۆشین و دژی دەسەڵات و ئیرادەی داسەپاوی مرۆڤ و دەستەو حکومەتەکان. بەسەر مرۆڤ و گەلاندا رادەوستین. هەروەها خوازیاری ئەوەین کە هەموان بە گیانێکی برایانە رەفتارو هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدیدا بکەن و رێز لە یەکتربنێن و سەربەخۆیی بڕیاردان لە یەکدی زەوت نەکەن. هەر بەو پێیەش دەبێ حزب و لایەنی سیاسی بڕیاری سیاسی و سەروەری خۆی لەدەست خۆیدا بێت و، نەبێتە پاشکۆو لە ئامانجی خزمەت کردن دوور نەکەوێتەوە. چونکە پاشکۆ ناتوانێ بەو ئەرکە هەڵستێ کە مێژوو داوای لێدەکات.

ئێمە سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی و سەروەری حزبی بە پیرۆزیەکی بەهادار دەزانین و هەنگاوی بۆ هەڵدەگرینەوە. بڕیاری سیاسی بە هیچ کەس و لایەنێك ناسپێرین، بە ئیرادەی رەهاو سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا دەکەین و هەڵوێستیان لێوەردەگرین. مێژووی رابردومان ئەو گەواهیە دەدات کە لە رامان و هەڵوێستەکاندا تۆزقاڵێ نەکەوتینە ژێر گوشارو هەڕەشەی دەرەکی و هەمیشە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی حزبمان پاراستووە. ئەو سەربەخۆییەش هانی داوین تا لە ئاست رووداوەکاندا هەڵوێست بنوێنین و مادەلایی بۆ ئەم لایەن و ئەو لایەن نەکەین و واقیع بینانە رەفتار بکەین. لە کاتێکدا ئەگەر سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیمان بە کەس و لایەنی دیکە بسپاردبووایە. دووچاری هەڵەی گەورە دەهاتین و پاساوی بوونی حزب نەدەمایەوە. ئێمە هەمیشە سەروەری حزب و بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمانی کردۆتە رووگەو بۆی هەڵکشاوین. بێگومان لە داهاتووشدا درێژە بەو سیاسەتە دەدەین و، سەربەخۆیی و سەروەری رزگاری دەپارێزین و تەسلیم بە هیچ کەس و لایەن و دەوڵەتێکی ناکەین.

لەلایەکی دیکەوە ئامانجی سەرەکی ئێمە خەباتکردنە لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان بە مرۆڤ و خاکەوە، چونکە چەند سەدەیەکە کوردستان لەلایەن بێگانەوە داگیرو دابەشکراوە. بۆ جاری یەکەم، لە ئاکامی ململانێ و ناکۆکی هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و عوسمانلی. وڵاتی کوردەواری دووچاری باری ناهەموارو کارەسات بووە. بەتایبەتی شەڕی چاڵدێران (1514ز) نوختە گورانێکی خراپ بوو، لە ئاکامی ئەو شەڕەدا کوردستان دوولەتکرا، پارچەیەکی لێکنرا بە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی (فارس)و ئەوی دیکەیان بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی. هەروەها بۆ جاری دووەم، لە دوای تەواو بوونی یەکەمین شەڕی جیهان و بەپێی رێککەوتننامەی (سایکس پیکو) بۆ ویست و ئارەزووەکانی دەوڵەتانی بەرتانیاو فەرەنسا، بەشە ژێردەستەکەی عوسمانی بۆ سێ پارچە دابەشکرایەوە بەو جۆرە کوردستان بوو بە چوار پارچەی ژێر دەستی (تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا). لەو ساتەوە تائێستا کوردستان لەلایەن غەیرە کوردەوە حوکمڕانی دەکرێت و سەروەت و سامانی نەتەوەیی و نیشتمانی لێبەفیڕۆ دەدرێت و بە سووتماك دەکرێت و شەڕی جینۆسایدیشی دژ بە دانیشتوانەکەی پەیڕەو دەکرێت.

نەتەوەی کورد خاوەنی خاك‌و زمان‌و مێژووو فەرهەنگ‌و داب‌و نەریتی تایبەتی خۆیەتی.. ژمارەی لە (40) چل میلۆن مرۆڤ زیاترە، هەروەها گەورەترین نەتەوەی جیهانە کە تائێستا بە داگیرکراوی مابێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆیی نیشتمانی دانەمەزراندبێ. بۆیە هەر چ مافێك بۆ نەتەوەو گەلانی دیکە ڕەوابێت بۆ کوردیش ڕەوایە.

گەلی کوردستان، وەك تەواوی گەلانی دیکەی سەر گۆی زەوی مافی سەربەخۆیی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی‌و هەڵبژاردنی شێوەی دەستەڵاتی خۆی هەیە. مافی ئەوەی هەیە بەبێ هەڕەشەو گوشاری دەرەکی، ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات‌و سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت.

ئێمە پێمان وایە تا گەلی کوردستان سەربەخۆ نەبێت، ناتوانێ ئازادانە پلەی پێوەندی (دۆستایەتی‌و برایەتی‌و هاوکاری) لەگەڵ گەلانی دیکەدا دیار بکات، چونکە دەوڵەتانی سەربەخۆ دەتوانن ڕاستوێژانە ڕەفتار لەگەڵ یەکدی‌دا بکەن‌و بەرژەوەندی‌یەکانیان گەشە پێ‌بدەن. لەم سۆنگەیەوە حزبمان، حزبی ڕزگاری‌ی کوردستان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان‌و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی خەبات دەکات. هەروەها باشترین ڕێگەش بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەڕێوەچوونی ڕاوێژێکی گشتی‌یە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان‌و دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، بۆ ئەو مەبەستەش حزبمان لێبڕاوانە تێ‌دەکۆشێ.

گەلی کوردستان لە پێناو ڕزگاری‌و وەدەستهێنانی مافی ڕەواکانی خۆی قوربانیەکی زۆرو زەوەندی داوە. بە خوێنی ڕۆڵەکانی دارو بەردی زیدەکەی ئاودێر کردووەو قەتیش چاوی لە زیدەماف‌و خاکی گەلانی دیکەدا نەبووە. بۆیە تەنها ڕزگاربوون‌و پێکەوەنانی دەوڵەتی نیشتمانی لە ئاست قوربانیەکاندا دێتەوەو دەتوانێ خەون‌و ئارەزووەکانی شەهیدان وەبەرهەم بێنێ‌و برینی ڕابردوو ساڕێژ بکات. بە کورتی تا گەلی کوردستان بە تروپکی ڕزگاری‌و سەرخۆبوون نەگات، خەبات‌و تێکۆشانی ئەو گەلە درێژەی دەبێ‌و تا دۆزەکەشی چارەسەر نەکرێت، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست‌و جیهان ئاشتی‌و هێمنایەتی ڕاستەقینە بەخۆیانەوە نابینن.